بە سیاسیکردنی هونەر. ئایا ئەمە چە واتایەک دەگەیەنێت؟.. تۆماس هیرشهۆرن.. کاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە

ئەمڕۆ تێگەکانی "هونەری سیاسی"، "هونەری مولتەزیم"، "هونەرمەندی سیاسی" یان "هونەرمەندی مولتەزیم" زۆر بەکاردەهێنرێن. لە دەمێکە ئەم ئاسانکردنەوانە یان ئۆم کورتکردنەوانە بەسەرچوون. ئەمانە پێلبەندیکردنی سادە و هزرتەمەن. من لە هیچ ساتێکدا وای دانانێم کە گۆیا من پتر لە هونەرمەندێکی دی "ئیلتیزام دەکەم". مرۆ دەبێت وەک هونەرمەند هەمەکیانە ئیلتیزام بە هونەرەکەی خۆیەوە بکات. ئیلتیزامێکی هەمەکی تاکە شیمانەیەکی هونەرمەندە بۆ ئاوەڵی بەڵی هونەرەکەیەوە بە شتێک بگات. ئەمە چواندنی بۆ هەموو هونەرێک هەیە. ئەمڕۆ شۆاویەکی زۆر سەبارەت بەو پرسیارە لێگۆڕیە کە داخۆ چی "سیاسی" بێت. من تەنیا گرنگی بە مەسەلەی ڕاستینەی سیاسی دەدەم، ئۆم مەسەلە سیاسیەش پرسیاری بۆم چێشنە لە خۆ دەگرێت: ئایا من لەکۆدا خۆم دەبینمەوە؟ ئایا ئەویدی لەکۆدا خۆی دەبینێتەوە؟ ئایا من چیم دەوێت؟ ئایا ئەویدی چیی دەوێت؟ من هەرگیز گرنگی نادەم و گرنگیم نەداوە بە سیاسەتی بۆچوونەکان و کۆمێنتارەکان و چۆکردنی دۆمۆکراتیانەی زۆرینە. ئاخر ئامانجی من ئاوایە کە هونەرەکەم بەسیاسی بکۆم. کێشەی من ئەوە نییە و هەرگیز ئەوە نەبووە کە هونەری سیاسی ئەنجام بدەم. من لە ژێ-لوک گۆدارد ئەم ڕستەیەم وەرگرتووە: "هونەر بکرێت بەسیاسی نەک هونەری سیاسی ئەنجام بدرێت". ئەو گۆتی: "مەسەلەکە ئەوەیە کە فیلم بکرێت بەسیاسی نەک فیلمی سیاسی دەربکرێت". لێ ئایا بەسیاسیکردنی هونەر چە واتایەک دەگەیەنێت؟

بەسیاسیکردنی هونەر واتای فۆرمخستنەوەی دەگەیەنێت

فۆرم بخرێتەوە نەک فۆرمێک چێبکرێت. ئەمە فۆرمێکە کە لە منەوە دێت، تەنیا لە منەوە دێت و تەنیا دەشێت لە منەوە بێت، چونکە من بە شێوەیەکی تایبەتی فۆرمەکە دەبینم، چونکە من بە شێوەیەکی تایبەتی لە فۆرمەکە تێدەگەم و دەیناسم. فۆرمخستنەوە – بە پێچەوانەی چۆکردنی فۆرم – ئەو واتایە دەگەیەنێت کە مرۆ لەتەک

فۆرمەکەدا 'یەکانگیر' بێت. من دەبێت بتوانم بەرگەی ئەم یەکانگیربوونەی خۆم لەتەک فۆرمەکەدا بگرم. مەسەلەکە ئەوەیە کە فۆرمەکە بەرز ڕابگیرێت، فۆرمەکە بسەپێنرێت و لەدژی هەموو شتێک و هەموو کەسێک بەرگریی لێبکرێت. مەسەلەکە ئەوەیە کە مرۆ خۆی تەسلیمی پرسیاری فۆرم بکات و هەوڵبدات بە خستنەوەی فۆرم وەڵامێک بداتەوە. من دەمەوێت هەوڵبدەم خۆم تەسلیمی تەحەدا مەزنە هونەرییەکە بکەم، واتا: ئایا چۆن دەتوانم فۆرمێکی خاوەن هەوڵست بخەمەوە؟ ئایا چۆن دەتوانم فۆرمێک بخەمەوە کە بەرهەستیی فاکتەکان بکات؟ من دەمەوێت پرسیاری فۆرم وەک گرنگترینی سەرجەم پرسیارەکانی هونەرمەند تێبگەم.

بەسیاسیکردنی هونەر واتای هێنانەگۆڕی شتێک دەگەیەنێت

تەنیا گەر من هەوڵستێکی پێزەتیڤ ووەو کردەکێتی و هەروەها ووەو ناوکی ڕەقی کردەکێتی وەربگرم، ئەوسا دەتوانم شتێک بهێنمەگۆڕێ یان بئافرێنم. مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە، مرۆ هەرگیز ڕێ نەدات کە ڕێخنە حەز و شادیبینین لە کار، کاتبەسەربردن بەڕێی کارەوە، لایەنی پێزەتیڤێتی لەڕ ئەنجامداندا، هەروەها لایەنی جوانی لە کارکردندا، بخنکێنێت. مەسەلەکە ئەوەیە، کە مرۆ پەرچەکردار نەنوێنێت، یان ئەوەیە، کە مرۆ هەمیشە چالاک بێت. هونەر هەمیشە چالاکییە، هەرگیز پەرچەکردار نییە. هونەر هەرگیز پەرچەکردار یان ڕەخنەی پەتی نییە. بڕگومان مەسەلەکە ئەوە نییە کە مرۆ ناڕەخنەیی بێت یان ڕەخنە نەگرێت، بەڵکو ئەو گەرەکە سەرباری تیژترین ڕەخنە، سەرباری بەسازشترین ڕەتکردنەوە و سەرباری بەرهەستیی پۆویست، پێزەتیڤ بێت. مەسەلەکە ئەوەیە کە مرۆ ڕێ نەدات بەسەز و بێهیوا و بێخەون بێت. هێنانەگۆڕیی شتێک ئەو واتایە دەگەیەنێت کە من ڕیسک بکەم، لە من ئەمەم پێدەکرێت گەر هاتوو من کارێک بکەم و لە هەمان ساتدا شرۆڤەی ئەو شتە نەکەم کە من لەو کارەدا دەیکەم. کردنی ریسک، شادیبینین لە کار، پێزەتیڤ بوون، ئەمانە پێشمەرجن بۆ کردنی هونەر. ئاخر تەنیا گەر من پێزەتیڤ بم، ئیدی دەتوانم لەنێو خەمەوە شتێک بهێنمەگۆڕێ. من دەمەوێت پێزەتیڤ بم، بەڵێ دەمەوێت لەنێو جەرگەی نێگەتیڤێتیشدا پێزەتیڤ بم. ئەوجا لەبەر ئەوەی من دەمەوێت پێزەتیڤ بم، ئەوا دەبێت بوێرم دەست بۆ نێگەتیڤێتیش بەرم. ئیدی من لەم دەستبردنەدا بۆ نێگەتیڤێتی مەسەلەی سیاسیشم دێتە پێش چاو. مەسەلەکە ئەوەیە کە مرۆ چالاکییەک بئافرێنێت، بوێرێت گریمانەیەک بکات، تێزێک دابنێت، لە تێزێکی ئەوتۆ کە لە ڕەخنەچێتی تێپەڕبکات. من دەمەوێت ڕەخنەیی بم، لە من نامەوێت ڕەخنەییبوون بهەوێستم

بکات. من دەمەوێت هەوڵ بدەم لەو هەڵەخنەیە کە من ئەنجامم داوە، تێپەڕ بکەم، لە من لێرەدا نامەوێت بە هەڵەخنەگرتنی ناسیستیانە لە خەڵگەیەکی ئاسان بگرمە بەر. من وەک هونەرمەند هەرگیز نامەوێت سکاڵا بکەم، ئاخر هیچ هەیەک بۆ سکاڵا لەگەڵ نییە. نەخێر، من دەتوانم کارەکەم ئەنجام بدەم، من دەتوانم شتێک بهێنمەگۆڕێ.

بەسیاسیکردنی هونەر واتای بێیاردان بۆ شتێک دەگەیەنێت

من بێیارم داوە کارەکەم بخەمە نێو چوار کایەی فۆرم و هێزەوە کە بریتین لە خۆشەویستی، سیاسەت، فەلسەفە و ئێستێتیک. من دەمەوێت کارەکەم هەمیشە بەر سەرجەمی ئەم کایانە بکەوێت. ئەم چوار کایەیە وەک یەک بۆ من گرنگن. بۆگومان پێویست نییەڕ کارەکەم هەموو کایەکان وەک یەک پێبکاتەوە، لە من هەمیشە دەمەوێت کارەکەم بەر هەر چوار کایەکە بکەوێت. یەکێك – تەنیا یەکێک – لە چوار کایەکەی فۆرم و هێز بریتییە لە 'سیاسەت'. هەڵبژاردنی کایەی هێز و فۆرمی 'سیاسەت' ئەو واتایە دەگەیەنێت کە من هەمیشە دەمەوێت لە کارەکەمدا بپرسم: ئایا تۆ چیت دەوێت؟ ئایا تۆ لەکوێدا خۆت دەبینیتەوە؟ لە ئەمە هەروەها واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت کە من هەمیشە دەمەوێت لە خۆم بپرسم: ئایا من چیم دەوێت؟ ئایا من لەکوێدا خۆم دەبینمەوە؟ هەروەها دەشێت کایەی هێز و فۆرمی 'سیاسەت' – هاوشێوەی کایەی 'ئێستێتیک' – نەگەتیڤانە ڕوونبکرێتەوە. من خۆم لەمە بەئاگام. لە لێرەدا مەسەلەکە هەرگیز ئەوە نییە کە نەگەتیڤێتی بکوژێنرێتەوە یان بچەپێنرێت، بەڵکو ئەوەیە کە مرۆ بەرەنگاری نەگەتیڤێتی ببێتەوە، ئەوەیە کە مرۆ لەنێو نەگەتیڤێتیشدا کار بکات و خۆی پێوە خەریک بکات، لە مەسەلەکە هەردەم ئەوەشە کە مرۆ خۆی نەگەتیڤ نەبێت. من دەمەوێت – بەڵێی کارەکەمەوە – لە نەگەتیڤێتی و هەنووکەیەتی، لە بۆچوونەکان و هەڵسەنگاندن تێپەڕ بکەم و ڕاستییەکی نوێ بهێنمە ئاراوە.

بەسیاسیکردنی هونەر ئەو واتایە دەگەیەنێت کە هونەر وەک ئامراز بەکاربهێنرێت

من لە هونەر ئامرازێک بۆ ناسینی جیهان تێدەگەم. من لە هونەر ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کردەکێتی تێدەگەم، من هەروەها لە هونەر ئامرازێک تێدەگەم بۆ ژیان لەو سەردەمەدا کە من تێیدام. من هەمیشە لە خۆم دەپرسم: ئایا کارەکەم دەتوانێت ڕووداوێک چێبکات؟ ئایا من دەتوانم بەو کارەی دەیکەم، بە کەسێک بگەم؟ ئەوجا: ئایا پێم دەکرێت بەڵێی کارەکەمەوە شتێک بناسم؟ یان ئایا دەشێت بەڵێی

کارەکەمەوە شتێک بناسرێت؟ بەسیاسیکردنی هونەر ئەم واتایە دەگەیەنێت: ئەو کارە کە من ئەمڕۆ لەنێو دەوروبەری خۆم و لە مژووی خۆمدا دەیکەم، وەک کارێک تێبگەم کە دەیەوێت لەم – دەوروبەرەی خۆم – تێپەڕ بکات و ئەم – مژووەی خۆم – جێبهێڵێت. من دەمەوێت بەوە بگەم کە خۆم لەنێو و لەتەک ژیانی خۆمدا تەسلیمی کێشەگەلی گشتگیر (یونیڤەرسەل) بکەم، بۆیە من دەبێت بەوە کار بکەم کە دەوری منی داوە، هەروەهاێ من دەیناسم و من دەگرێتەوە. لێ من ئەمە ناکەم بۆ ئەوەی بکەومە ژێر کۆفی لەخشتەبردنەکانی بۆشکۆتییەوێ / پاژخوازییەوێ (پارتیکولارێتییەوێ)، بەڵکو بە پێچەوانەوە من ئەمە دەکەم بۆ ئەوەی بەر گشتگیری (یونیڤەرسالێتی) بکەوم. مرۆ دەبێت بەرهەستی لەدژی بۆشکۆتی بنوێنێت، واتا ئەو بۆشکۆتییەێ کە هەمیشە مرۆڤ وەدەردەنێت. ئەمە بۆ من واتایەکی ئەوتێ دەگەیەنێت کە من دەمەوێت ئەو کارەی ئەمڕۆ و ئێستا دەیکەم، وەک کارێکی گشتگیر ئەنجامی بدەم، ئەمەش بریتییە لە مەسەلەی سیاسی.

بەسیاسیکردنی هونەر ئەو واتایە دەگەیەنێت کە بەڕێی کارەوە سەکۆیەک بینا بکرێت

سەکۆیەکی بەم چەشنە چێکراو وا لە کارەکە دەکات کە مرۆ بتوانێت لەتەکیدا بچێتە پەیوەندییەوە. من دەمەوێت لە هەموو کارەکانم پانتاییەک یان کایەیەک تێبگەم. ئەم کایەیە یان پانتاییە بریتییە لە ووبەر کە دەرفەت بۆ مرۆ دەڕەخسێنێت بچێتە نێو هونەرەوە یان پەیوەندی بە هونەرەوە بکات. لەم ووبەرەدا بەرکەوتن یان لێکخشان ووەدەدات، ئەوجا دەشێت بەڕێی پەیوەندییەوە هەڵچاوی ئەویدی بکرێت. ئەم پانتاییە، واتا کارەکەم، دەبێت شوێنێک بێت بۆ دیالێگ یان بۆ بەرەنگاربوونەوە. بە تێڕوانینی من هونەر، تەنیا لەبەر ئەوەی هونەرە، خاوەنی هێز و توانستەێ بۆ ئەوەی پێشمەرجەکان بۆ دیالێگێک یان بۆ بەرەنگاربوونەوە چێبکات، ئەوەش بگومان ڕاستەوخۆ، یەکسەر، بەبێ کۆمونیکاسیۆن، بەبێ گەیاندن، بەبێ ئەمسەر و ئەوسەر بۆ هۆورکردنەوە. من وەک هونەرمەند دەمەوێت کارەکەم وەک سەکۆیەک ببینم کە کراوەییەکی ڕێشنە بۆ ئەویدی. من هەمیشە دەمەوێت بپرسم: ئایا کارەکەم پاڵهێز بۆ سەرکەوتنێکی سنووربە لە خۆ دەگرێت؟ من هەروەها لە خۆم دەپرسم: ئایا لە کارەکەمدا کراوەییەک هەیە؟ ئایا کارەکەم بەرهەستیی ڕەهەندی داخراوی دەکات؟ کارەکەم دەبێت کراوەییەک بهێنێتە گۆڕێ، ئەو دەبێت دەرگایەک یان پەنجەرەیەک یان تەنیا کونێک بێت، لێ کونێک کە لەنێو کردەکێتیی (فاکتیسیتێی)

ئەم□□دا هە□کەنراوە. من دەمەو□ت هونەرەکەم ئەنجام بدەم بە ویستەوە بە□ چ□کردنی سەرکەوتن□کی سنووربە□.

بەسیاسیکردنی هونەر واتای خ□شویستنی ئەو کەرەسەیە دەگەیەن□ت کە مر□ کاری پ□دەکات

خ□شویستن ئەو واتایە ناگەیەن□ت کە مر□ ئەقیندارى کەرەسەکانی بووبە□ت یان خ□ی لەن□ویاندا بزر بکات، بە پ□چەوانەوە ئەو واتایە دەگەیەن□ت کە مر□ کەرەسەکەی خ□شبو□ت، کەرەسەکەی لە سەرووی هەموو شت□کەوە دابن□ت و ئاگامەندانە کاری پ□بکات، هەروەها ئەو واتایە دەگەیەن□ت کە مر□ پ□وەی پابەندبە□ت. من کەرەسەم خ□شدەو□ت، چونکە من بە□یارم بە□ داوە، هەر بە□یە نامەو□ت بە شتی دی بیگ□□مەوە. ئاخر لەبەر ئەوەی من بە□یارم بە□ ئەو داوە، واتا ئەوم خ□شدەو□ت، ئیدی ناتوانم و نامەو□ت بیگ□□م. بە□یاردان بە□ کەرەسە بە□یاردان□کی تا بە□□یت گرنگە، ئەمەش بریتییە لە مەسەلەی سیاسی. ئەوجا لەبەر ئەوەی من ئەم بە□یارەم داوە، ئیدی ناتوانم وازبهە□نم لە خ□زگە یان لە□ داواکاری بە□ 'ش□تکی دی' و بە□ 'ش□تکی نو□'.

بەسیاسیکردنی هونەر ئەو واتایە دەگەیەن□ت کە مر□ □ینوما بە□ خودی خ□ی کەشفبکات

مەسەلەکە ئەوەیە کە مر□ خ□ی □□نومایەک بە□ خ□ی کەشف بکات یان بیهە□نە□ت و بیکات بە هی خ□ی. □□نوماکانم بریتین لە: بە□شکی؛ "وزە یەکسانە بە ئەر□! کوالیتی یەکسانە بە نەر□!"؛ خ□لاوازکردن، لە□ هاوکات ویستداری بە□ ئەنجامدانی کار□کی بەهە□ز؛ خ□ لە □ووی ئابووریيەوە خ□شەنەکر□ت؛ خ□□ەنجاندن؛ "ترس چارەسەرە"؛ ورد کار بکر□ت، لە□ هاوکات موبالەغەش بکر□ت؛ خ□خا□یکردنەوە؛ زەبرمەندبوون بەرانبەر کارەکەی خ□؛ کەللە□□ەقی؛ "کەم کەمە، زۆر زۆرە"؛ مر□ هەرگیز هیچی نەبرد□تەوە، لە□ هەرگیز هیچی بەتەواوی نەد□□اندووە؛ تموحی ئەوەم هەبە□ت کە بە کارەکەم گ□□ان بە تەگەیەکی نو□ بدەم؛ بە□ هەر شت□ک کە کارەکەم بگر□تەوە، بەرپرسیاری وەربگرم؛ بەرگەگرتن – کەواتە گەمژە بنو□نم بەرانبەر کارەکەم؛ "چاکتر هەمیشە کەمتر چاکە"؛ □□تکردنەوەی سەرجەم دەسە□اتداریيە هەر□میە□کان؛ بە□وابوون بە دەستایەتیی نۆوان هونەر و فەلسەفە؛ ئامادەیی بە□ ئەوە کە وەک یەکەم کەس هەقی کارەکەی خ□م بدەم.

بەسیاسیکردنی هونەر واتای کارکردن بە□ ئەویدی دەگەیەن□ت

کارکردن بە□ ئەویدی ئەو واتایە دەگەیەن□ت کە سەرەتا لەن□و خ□مدا

بۆ ئەویدی کاربکەم، لە هەروەها ئەو واتایەش دەگەیەنێت کە بۆ جمهورێکی داخراوی هونەری کارنەکەم. ئەویدی دەشێت دراوسێم بێت، لە هەروەها دەشێت غەریبێک بێت، واتا کەسێک بێت کە لای من ترس بهێنێتە گۆڕێ، لە من لە لایەنی خەمەوە ناینناسم و لێی تێناگەم. ئەویدی کەسێکە کە حسابم بۆ نەکردووە و چاوەڕوانم نەکردووە. جمهوری ناتایبەت بە هونەر هەروا ئاسان بریتی نییە لە 'هەمووان' یان 'جەماوەر' یان 'زۆرینە'، بەڵکو لە ئەوانیدی پێکدێت – ئەوانیدی کە هەندێک جار زۆرن یان هەندێک جاری دی کەمن. من دەمەوێت بەڵێی کارەکەم و لەنێو کارەکەمدا هەمیشە بۆ جمهورێکی نا-تایبەت کاربکەم. من دەمەوێت هەموو هەوڵێک بدەم کە هەرگیز ئەویدی لە کارەکەم بەدەرنەکەم، من دەمەوێت هەمیشە و بەبێ مەرج هەڵچاوی ئەو بکەم. من هەروەها دەمەوێت بە فۆرمی کارەکەم هەڵچاوی ئەویدی بکەم. جگە لەوە ئەویدی هەیەکە بۆ ئەوە کە بڵچی من هیچ جیاوازییەک ناکەم لەنێوان کارکردن لە فەزای / ئاومی گشتی، لە گاڵەریی پیشەیی، لە پێشانگەی هونەر، لە مۆزەخانە، لە هەڵێی هونەر و لە فەزای ئەلتەرناتیڤی هونەردا. ئەمە بریتییە لە مەسەلەی سیاسی. کارکردن بۆ ئەویدی هەلم بۆ دەڕەخسێنێت کە شوێنی خۆم وەک هونەرمەند لە دەرەوەی 'چێوەی هەسەنگاندنەکاندا' وەربگرم.

بەسیاسیکردنی هونەر ئەو واتایە دەگەیەنێت کە مرۆ جەنگاوەر بێت.

بەسیاسیکردنی هونەر ئەو واتایە ناگەیەنێت کە مرۆ بۆ بازاڕ یان لەدژی ئەو کاربکات.

بە پێچەوانەوە مەسەلەکە ئەوەیە کە مرۆ بازاڕ بە پاژێکی کردەکێتیی هونەرمەند بزانێت و لەنێو ئەم کردەکێتییەدا کاربکات. گەر مرۆ نەیەوێت بۆ بازاڕ یان لەدژی ئەو کاربکات، ئەوا نەویستییەکەی ئاگەیاندنی هەوڵست نییە، بەڵکو ئەوە ئاگاییەکە سەبارەت بەوە کە تەنیا ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی هونەر یارمەتیدەرن بۆ ئەوە کە مرۆ خۆی نەخاتە ژێر کۆنفی یاساکانی بازاڕەوە. تەنیا بەرەنگاربوونەوەی ئاستەوخۆ و ئەرنیکراو لەتەک کردەکێتیی بازاڕدا، ئەمەش سەرباری هەڵە و کەموکورتی و بریندارببوون، دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ئەوە کە مرۆ بەرهەستیی پەستانی بازاڕ بکات و لێی تێبپەڕێت. جگە لەوە من نابێت وەک هونەرمەند بخزمە نێو پابەندییەوە. هونەرمەند – هەمیشە، بەتایبەتی لە ساڵانی سەرەتادا – پێویستی بە پشتیوانی و یارمەتی هەیە. من دەزانم کە ئەم پشتیوانی و یارمەتییانە گرنگن، لە هەرگیز نابێت خۆم یان کارەکەمیان پێوە پابەند بکەم.

تۆماس هیرشهۆرن
کاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە

-_____

سەرچاوە:

Thomas Hirschhorn, (Aubervilliers, Sommer 2008), INAESTHETIK, .N°1, „Politics of Art“, April 2009

لێبارەی نووسەر

تۆماس هیرشهۆرن هونەرمەندێکی سویسرییە، ساڵی 1957 لە بەرن هاتۆتە جیهانەوە، لە ساڵی 1984 بەدواوە لە پاریس دەژی.

تۆندوتیژیی لە نێوان دۆست و هاونیشتمانیی لەلای ڤیبەر..

ئەحمەد هەسۆ

لە هەر قۆناغێکی دەربڕینی ناڕازایەتیی و خۆپشاندانی ناوناوەی هەر تۆژێک یان چەند تۆژێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز دژ بە خەسڵەتنیی، تاڵانیی و بەماڵفکردنی گەورەکەی دەسەڵاتدارێتییە بنەماڵەییەکەی کوردستان بەسەر خەڵکییەوە، گوتارێکی چنراو بە دیماگۆجییەتێکی پووخت لەپێناو خزمەتکردن بە ماکیاژکردن و هەواڵتییدان بە دەسەڵاتداران و سایکۆلۆژیا دەسەڵاتخوازییەکەی دەسەڵاتداران، دەکەوێتە گەڵ لەسەر چەندین ئاستی جیاواز و بە زمان و گوزارشکردنی جیاوازەوە. هەبەت ئەو جۆرە گوتارە کە ئاشکرایە لەسەر هیچ پێدراوێکی فیکریی دروست و هیچ بنەمایەکی لۆژیکیی یان مێژوویی بینانەکراوە و جگە لە پاساوهێنانەوەی ئاستنزمانە بە دەسەڵاتدارێتییەکە، هیچ ئەرگیومێنت و ئەنجامێکی نییە و نەوەکو کەمترین گوێگر و لایەنگر لە کەمپگای ئەمەدا بە خۆی ڕاناکێشێت بەڵکو لە هەندێ حاڵەتدا هەر لەجێدا قسەکەرانی ئەو بەچووون و گوتارە خۆشیان بەوایان پێی نییە.

ئەو بابەت و تەوەرانەی کە ئێم جارە گوتارە چەواشەکارە هەڵگریەتی و مایەی لەسەر وەستانن زۆرن، بەڵام ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت هەندێک قسەی لەبارەوە بکەم، مەسەلەی تۆندوتیژییە. لە بچوکترین دەربڕینی ناڕازایەتیی کەمایەتییانە و گشتییانەی هەر چینێکی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا، زنجیرەیەک لە گرتن، ئەشکەنجەدان و تۆندوتژیی لەلایەن دەزگاکانی دەسەڵاتدارێتییەوە ئەنجامدراوە دژ بە هاونیشتمانییان.

ئەوەی ئەمە وەکو زانراوێک هەمیشە لەبەردەمماندا بووە و هەشە ئەوە بووە کە (گوتەبژانی دەزگا حکومییەکان، گوتەبژانی حزب و کادیرانی لەگەڵ گوتاری مەدیایی دەزگا مەدیاییە حزبییەکان و نووسەرانیان) لەگەڵ دەمکردنەوەیاندا زانیومانە کە جگە لە ڕیزکردنی کۆمەڵێک پاساوی نالۆژیکیی بۆ تۆندوتیژییە هەمایەنەکەی دەسەڵاتدارێتیی هیچیدیکە نابێن، بەڵام ئەوەی بابەتی ئێم نوسینەیە، هەندێک لەوانەن کە گوایا نووسەر و هۆشنبیری سەربەخۆیان ئەکادیمیستی بەڵایەنن و خۆیان وەکو ناپابەند بە دەسەڵاتدارێتیی، حزب و سیاسەتکانی، بە کۆمەڵگا پیشاندەدەن. لە مەسەلەی بەکارهێنانی تۆندوتیژییدا تاکە کەسەکان و دەزگا حکومییەکان دەخەنە تایەکی تەرازووەوە بەبەکارهێنانی ئێم جارە گوزارشانە "نابەت خۆپیشاندەران و هەڵچەکدارەکان پێنا ببەنە بەر تۆندوتیژی، گرنگە خۆپیشاندەران خۆیان بپارێزن لە بەکارهێنانی تۆندوتیژی و وێرانکاریی لە بەرامبەر شوێنە گشتییەکان، پۆیستە خوێندکاران لە تەک حکومەت و هەڵە چەنکدارەکاندا زمانی زبر و تۆندوتیژیی بەکارنەهێنن، تۆندوتیژیی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە خزمەت بە ئامانجەکانی خۆپیشاندان ناکات، ناکرێت خۆپیشاندەر بییەوێت بە تۆندوتیژیی و خەسڵپاندن داواکارییەکانی بە جەبەجەبکرێت، تۆندوتیژیی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بە زیانی خۆیان و خۆپیشاندانەکەیان دەشکێتەوە و هەواێتی لەدەستدەدەن، … هتد" ئەمجارە گوزارشانە و دەیان گوزارشی دیکەی لەوجارە ئەوەی پەماندەڵێت ئەوەیە دەربەی ئێم جارە بەچوونە یان بەدەست هەژارییەکی قوول و بونیادییەوە گیریخواردوو لە تەگەیشتنییدا بە هەرێک لە چەمکەکانی، تۆندوتیژیی، دەسەڵاتدارێتیی، دەزگا دەوڵەتییە مەدەرنەکان و تاکە کەس وەکو هاونیشتمانی یان بەمەبەست و ئاگاوە خەریکی خزمەتکردنەکی زەلیلانەیە لە ئاست دەسەڵاتدارێتییەکدا کە کەمترین ئاکاری بەرپرسیارێتیی لە ئاست هاونیشتمانییان و کۆمەڵگادا تیادا نەماوە.
ماکس ڤیبەر "کۆمەڵناس و فیلەسووفی ئەڵمانی ١٨٦٤-١٩٢٠" لە

نوسینەکیدا بە ناوونیشانی "سیاست وەکو پیشە Politics as vocation" بە گوێرەی پێرسەندنە کۆمەڵایەتییە مۆژوویەکەی، دەسەڵاتداریەتیی پاڵەندەکات بە سێ جۆر:
دەسەڵاتداریەتیی کاریزمایی "لە نموونەی دەسەڵاتداریەتیی ئاینیی و دەسەڵاتداریەتیی پاڵەوانان"
دەسەڵاتداریەتیی ترادیسیۆنال "لە نموونەی دەسەڵاتداریەتیی فیداییی و پاتریارکیی"
دەسەڵاتداریەتیی یاسایی یان دەسەڵاتداریەتیی عەقڵانیی-یاسایی "لە نموونەی دەوڵەتی یاسایی مۆدێرن و بیرۆکراسیی"
لە باسکردنی دەسەڵاتداریەتیی عەقڵانیی-یاسایدا لە پەیوەند بە تۆندوتیژیەوە و پێناسەکردنی دەوڵەتدا دەڵێت: (دەوڵەت کۆمیونیتییەکی مرۆییە کە لە مۆنۆپۆلکردنی هێزبەکارهێنانی فیزیکییدا سەرکەوتییی بەتەنها بە خۆی دەدات.) هەروەها لە وەسفکردنی سەسیلەژیانەی دەوڵەتدا دەڵێت: (قەرخکردنی سەروەتی بەکارهێنانی هێز، چەمکە جەوهەرییەکەی یاسای گشتیی مۆدێرنە.) واتا دەزگاکان و یاساکانی دەوڵەت تاکە بەکارهێنەری هێزی فیزیکیین. لەرەوە لە دنیای مۆدێرندا کە دەوڵەت وەکو پێکهاتەیەک لە کۆمەڵگەی دەزگا و گۆرزێک لە یاسا ئەرگانیزەکردن، کۆنتڕۆڵکردنی سیاسییانەی کۆمەڵگایە و لەمشەوە جگە لە هیرارکیکردنی دەسەڵات قەرخکردنی هەر جۆرێکی زەبروزەنگی دەزگایی و یاساییە. بە کورتیی لە دنیای مۆدێرن و هاوچەرخدا، دەوڵەت بە دەزگاکان و یاساکانییەوە، هێزایەتیی بەکارهێنانی تۆندوتیژیی لە تەواوی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگا دەسنەتەوە و دەیبەخشێتە خۆی. واتا یاسا و دەزگا دەوڵەتییەکان قەرخی ڕەوایەتیی بەکارهێنانی هەر جۆرە زەبروزەنگ و تۆندوتیژییەک بەتەنها بە خۆیان دەکەن.

هەبەت پێش قیبەر فەیلەسووفانی دیکەش باسییان لە هێزایەتیی پێناوبردنە بر تۆندوتیژیی لەلایەن دەوڵەتەوە کردووە، لە نموونەی فەیلەسووفی ئینگلیزیی "تۆماس هۆبز ١٥٨٨-١٦٧٩" لە پەیوەند بە سروشتی مرۆییەوە لە وتە بەناوبانگەکەیدا کە دەڵێت: مرۆڤ گورگە بە مرۆڤ. باوەڕی وایە بە جڵەوکردنی سروشتیی شەڕانگێزانە و دڕندانەی مرۆڤ، دەوڵەت دەبێت بە زەبروزەنگ بێت. بەڵام ئەو جۆرە دەوڵەتەی کە هۆبز تەواو جودایە لەو دەوڵەتە عەقڵانییە-یاساییە مۆدێرنەی کە قیبەر باسی لێوەدەکات. هەروەها پێشتریش فەیلەسووفی ئیتالیایی "نیکۆڵۆی ماکیاڤیللی ١٤٦٩ – ١٥٢٧ " باس لە جۆرێک لە دەوڵەت لە سایەی میرێکەوە دەکات کە سێ ناکاتەوە لە هیچ جۆرە زەبروزەنگێک بە ئامانجی کۆنتڕۆڵکردنی کۆمەڵگا، هەبەت لە سەرتادا بە ئامانجی

یەکخستنەوەی هەموو بەشە پارچە پارچەکراوەکانی ئیتالیا و یەکگرتنیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یان ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزدا و دواتریش پەنابردنە بەر هەر جۆرێکی تۆندوتیژی لەلایەن میرەوە لەپێناو هەشتنەوە، کۆنتڕۆڵکردن و بە یەکگرتوویی مانەوەی ئەو دەوڵەتە یان ئیمپراتۆرێتییەدا کە هەندێک، تێزەکانی ماکیاڤیللی "بە نموونە لە کتێبەکانی "میر، هونەری گفتوگۆ و جەنگ" دا بە سەرچاوەی زانستی سیاسەت دادەنێن. هەبەت کە ماکیاڤیللی هەر جۆرێکی درۆ و فێڵکردن یان ناڕاستگۆیی، هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکاریی و بە گشتی بوون بە میر لە ئاست هاونیشتمانییان و کەمتەرگادا بە گشتی دژانەت ئاگادار پشتیست بوو لە هەندێ دۆخدا، هەروەک چۆن دژارخستنی کێبڕکێ تیژەکانی و بەگورگبوونی میر لەگەڵ بەکارهێنانی هەر جۆرە تۆندوتیژییەک بەگشتی دادنەت ئاگادار پشتیست بوو لە هێنانە دۆخی دیکەدا. بەڵام ئەو جۆرە دەوڵەت و میرەی ماکیاڤیللیش وەک دەکشیت تەواو جودایە لە جۆری دەوڵەتە مۆدێرنەکەی ڤیبەر.
ماکس ڤیبەر لە پێوەندیدا بە تۆندوتیژیی بەدژگاییکراو و بە یاساییکراوی دەوڵەتەوە دژ بە هاونیشتمانییان، ئەوەمان گوون و گشتی پێدەڵێت کە ئەوەی بەی هێزە و لە توانایدایە تۆندوتیژ بێت و تۆندوتیژی بەکاربهێنێت تەنها دەوڵەتە و بەس. تاکە کەسەکان و هاونیشتمانییان نە بەیان هێزە و نە دەتوانن تۆندوتیژ بن و تۆندوتیژیی بەکاربهێنن. بەگوێرەی ڤیبەر هاونیشتمانییان کە خەیان دەسەڵاتدارێتییان قبووکردووە و پێکیان هێناوە، دەبنە بابەتی کۆنتڕۆڵکردن و بەسەردا سەپاندنی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتدارێتییەکەوە. هاونیشتمانییان کە خەیان دەسەڵاتیان پێکهێناوە و قبوڵیان کردووە دەبنە ئەو بابەتەی کە دەسەڵاتدارێتییەکە تۆندوتیژییان بەسەردا ئەنجام دەدات.

بە کورتی ئەوە دەوڵەتە کە بە یاسا و دژگاکانی پڕاکتیزەی تۆندوتیژی دەکات بەسەر هاونیشتمانییاندا. ئەوە هاونیشتمانیانن کە بیانووەت و نیانووەت، تاک بن یان کۆ، ناتوانن تۆندوتیژی پڕاکتیز بکەن. دەوڵەت هەر خۆی لە هەر دۆخێکدا، لە ئارامییدا بێت یان نائارامیی، تۆندوتیژ بەرامبەر هاونیشتمانییان. ئەوە هاونیشتمانیانن لە هەر دۆخێکدا بێت، ئارامیی بێت یان نائارامیی، ناتوانن تۆندوتیژ بن. تەنها لە ساتی داڕمانی دەوڵەت و هەرەسهێنانی تەواوەتیی دژگاکانیدا لەوە دەکەوێت بتوانێت تۆندوتیژ بێت و تۆندوتیژی پڕاکتیز بکات.

خوێندکارانی کوردستان و بزووتنەوەکەی سەرنج.. ئەمجەد شاکەلی

ئەمڕۆ لە دیدارێکیدا لەگەڵ هەندێک لە خوێندکارانی زانستگەی جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا، سەرۆک وەزیرانی هەرێم، مەسرووربارزانی، گوتی:"خوێندن لەو زانکۆیانەی کە حکومین بە خراپین و حکومەت بە خراپی خوێندن دابین دەکات بۆ ئەو قوتابییانەی کە لەم زانکۆیانە دەخوێنن. داواکردنی دەرماڵە بۆ خوێندنی خراپی لە هیچ شوێنکی جیهان نییە...لەهیچ شوێنک شتی وانییە کە بڵێی من بۆ خراپی دەخوێنم و دەبێت بەپارێزکیشم وەک دەرماڵە پێبدەن بۆ ئەوەی بخوێنم" .

ئەوانەی هاوڵێی سەرکی حکوومەت بوون لەو دیدارێیدا، وەزیری خوێندنی باڵا و سەرکی زانستگەیەک بوون، کە هەردوویان بەرپرسی ڕاستەوخۆی خوێندنی زانستگە و خوێندکارانن. بەجگە لەوە من هیچ گومانێکم لەوەدا نییە، کە سەرکی حکوومەت و هەر بەرپرسێکی باڵای کوردستان، بەو دوو هاوڵێیەی لەگەڵ سەرکی حکوومەتیشدا بوون لەو دیدارێیدا، دڵیان و سەدان ئاوڕکار و جگر و سکرتێر و یارمەتیدەر و کارمەند و دەستوپێوەند و خزمکیان لەبەردەستدایە و زۆر بە ئاسانی دەتوانن، دەستیان بە هەموو زانیارییەکی ڕاست و دروست و نوێوە، لەمڕۆ هەر پرس و بابەتکەوە، نەک تەنێ پێوەندار بە کوردستانەوە، بەڵکە بە هەموو گردووەوە و بە زووترین کات، بگات. لەم سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆگییەدا، دەستبەرکردنی زانیاری کارەکی گەلێک سانایە بە هەموو مرۆڤێک، بەتایبەت بە کەسانێک، کە لە لووتکەی دەسەڵاتدا بن. لە مخابن، لەو دیدارەی سەرکی حکوومەتدا وا نەبوو! ئەو زانیارییەی سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەمڕۆ خوێندنی خراپی و دەرماڵەی خوێندکاران لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا، هەڵە بوو. ئەو دەبوو پێشتر داتای دروستی بۆ ئامادە کردبا، ئیدی بۆ خۆی یا بۆ کەمکی دەستکەی، کە لەگەڵیدا کار دەکەن.

من بە خەم ماوەی چل ساڵکە لە وڵاتی سوێد دژیم و بڕکیش خوێندوومە و قەرزی خوێندنم وەرگرتووە و تا ئادیکیش ئاگاداری وڵاتگەلی ئەوروپا و دەوروبەری سوێدم. تەواوی خوێندنی سوێد، لە

هەموو خوێندنگەکاندا هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا پۆست دکتۆرایش، هەمووی بە خۆڕایی و مفتە و خوێندکار یەک قل پارە بە خوێندن نادات. تاکە تاکەیەک خوێندنگەی تایبەت لەرە و لەوە هەن، بە پارە تێیاندا دەخوێنرێت، لە ژمارەیان ناگاتە ژمارەی پەنجەی دەست. هەموو شاگردێک لە تەمەنی نێوان 16-20 ساڵان و لە پۆلی دەیەمەوە، مانگانە وەک دەرماڵە 1250 کرێنی سوێدی مفتی دەدرێتە. کە خوێندکار دەچێتە خوێندنی دوای ئامادەیی و زانستگە، ئیدی ئۆگەر ئارەزووی لێبێت، دەتوانێت قەرزی خوێندن(بە عەرەبی:منحة دراسية، بە فارسی:کمک هزینه تحصیلی، بە ئینگلیزی: Study grant) وەربگرێت، چۆن هەن قەرز وەرناگرن و لۆگۆ خوێندنکەیاندا کار دەکەن و خۆ دەژەنن. ئێستا لە ساڵی 2021دا مانگانەی هەر خوێندکارێکی زانکۆ، ئۆگەر قەرز وەرگرێت 10928 کرێنە، کە 7328 کرێنی بە قەرز دەژمێردرێت و 3600 کرێنی بە دەرماڵە، واتە: مفت وەریدەگرێت. لە ساڵی 2022دا ئەو پارەیە دۆگۆمێت و دەبێتە 11088 کرێن لە یەک مانگدا، کە 7436 کرێنی قەرز و 3652 کرێنی دەرماڵەی مفتە. ئەو پارەیەی خوێندکار وەک قەرز وەریدەگرێت، پاش تەواوکردنی خوێندن گەڕەکە مانگانە بەشکی بگەڕێتەوە بە حوکوومەت تا بەربەرە هەموی تەواو دەبێت، کە دەنگە چەندین ساڵ بخایەنێت، ئەو بەشەی دەرماڵەیە، ئەو وەک شیری دایکی نەشی گیانی دەکات و هیچ لەسەری ناکەوێت. خوێندکار دەتوانێت تەنیا دەرماڵەکە وەرگرێت و قەرزەکە وەرنەگرێت، ئۆگەر بتوانێت بەو دەرماڵەیە بژێت. خوێندکار چ ئەوانەی قەناخی ئامادەیی و چ هی زانستگە، مافی ئەوەی هەیە کارتکی مانگانە یا ساڵانە بە هاتوچۆی نەو ئەو شارەی تێیدا دەژی و دەخوێنێت، بە ئۆتۆبووس، شەمەندەفەری سەرزەوی و میترۆ بکرێت بە نیوەی نرخی ئاسایی خۆکی ئاسایی و بە هاتوچۆی نەو تەواوی سوێدیش هەر بە نیوە نرخ ئاساییەکە دەتوانێت بگۆڕێت. خوێندکار، بە نیوە نرخ دەچێتە سینەما، شانۆ، مۆزەخانگە و دەیان جۆگەی دیکە. لە تەواوی ئەوانەدا خوێندکار و خانەنشین وەک یەک دەژمێردرێن، هەردوویان نیوەنرخ دەدەن. خوێندکار لەو خواردنگە و ڕێستۆرانتانەی نەو زانستگەکان، بە نیوە نرخ دەخۆن. بەجگە لەوانە، خوێندکار زۆر شتی دیکە دیگرێتەوە و سوودمەند دەبێت لێیان.

خوێندکارانی کوردستان تەنیا کێشەی دەرماڵەیان نییە، ئەوان کێشەی بەشە ناوخۆییەکانیشیان هەیە، کە پێن لە ناڕەحەتی و پۆگرفت و سەختی. ئەو هەموو زانستگە و خوێندنگە تایبەت و ئەهلی و بیانیانەی لە کوردستان کراونەوە و هەن و ڕێگەپێدراون، زیانێکی یەکجار مەزن و کاریگەرییەکی یەکجار خراپیان لەسەر جڤاک و فەرهەنگی گەلی

کوردستان و زمانی کوردی داوە و کردووە. کارەکی وایان کردووەتە سەر خوێندن و خوێندکار، کە بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بن. بەچکە دەوڵەمەند و سەرمایەدار و بەرپرس و مشخۆران، دەچنە خوێندنگە و زانسگەی تایبەت، کە خوێندن تیایندا بە پارەیە و بە زمانانی ئینگلیزی، فرانسی، تورکی، ئەڵمانی و... فرەتر بە ئینگلیزییە. ئەو جۆرە خوێندنگە و زانستگەیانە خوێندکارەکی تەمبەڵ و کەمنمرە، کە لە پەلەی دوانزدەی ئامادەییەدا 50ی هێناوە، کە لە زانستگە حوکوومەتییەکە وەرناگیرێت، لەوە تەنیا لەبەر ئەوەی پارە دەدات، وەردەگیرێت. کاتێکیش ئەمەی زانستگەی تایبەت خوێندن تەواو دەکات، لەبەر زمانە ئینگلیزییەکەی و لەبەر ئەوەی بەچوە دەوڵەمەند و بەرپرسە، زۆر بە ئاسانی کاری دەستدەکەوێت و بەچوە هەژارە دەرچووەکەی زانستگە حوکوومەتییەکەیش، کە دەبێ هەکاباری بەچووە دەوڵەمەندەکەی دەرچووی خوێندنی تایبەت و زمانی ئینگلیزییەکە بکات، پێی ناکرێت و لەو پێشبەکە نایەکسانەدا دەدۆڕێت.

هەزاران بەرپرس و دەستەڵ و دارا و گیرفانپەی کوردستان، کە بەشێکی زۆریان لە کوردستان خوێندیان تەواو نەکردووە و بەوانامە و بڕوانگەی ساختەیان بە کراوە، سانایی دەچنە دەرەی کوردستان، تورکیا، ئێران، لبنان، میسر و...هەر وڵاتێکی دیکە یا خۆیان لە کەرکووک، ئەمادی، شارەبان، باقوبە، مووسڵ و تەنانەت چەپەکترین شوێنی عیراق ناونووس دەکەن و دوای ماوەیەک پلەی ماستەر یا دەکتۆرا وەردەگرن و دێنەوە و دێبنە بەڵا بە ئەو هەژارانەی لە زانستگە حوکوومەتییەکانی کوردستان خوێندنیان تەواو کردووە و هەکاباریان دەکەن.

خوێندکارانی کوردستان مافی هەوای خۆیانە دەرماڵەیەکی باش وەرگرن و منەتیان بەسەردا نەکرێت. ئەگەر ئەوە بکرێتە بیانوو، کە حوکوومەتی عیراق لە ساڵی 2014ەوە چەندین ملیار دۆلاری بە کوردستان نەناردووە و قەرزداری کوردستانە و ئەوە پارەی خوێندکارانە و بڕغدا خواردوویەتی و هەموو جارێک ئەو هەستیە بدرێت بە گوێی خوێندکار و کارمەند و کارگەر و چینەکانی خوارەی کەمەدا، ئەدی وەزیر و گزیر و جێنراڵ و هاوڕێکار و جێگری وەزیر و بەڕێوەبەر گشتییە خانەنشینکراوە بندیوارەکان، بە مووچە و دەرماڵە و پشتماڵە و ژەرماڵە و بانماڵەی خۆیان هەڵک و بە کەشۆ وەردەگرن، ئەوە لە کاتێکدا، کە بەردەوام باس لە چاکسازی دەکرێت! تەواوی پارەیەک بە ئەو دەرماڵەیەی خوێندکاران دەڕوات، بە قسەی مەلا بەختیار، کە یەکێکە لە سەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، 10 میلیۆن دۆلارێک دەکات.

لە کوردستان، دۆیان هەزار لەو بندیوارە مفتەخۆرانە هەن، هەریەکە و مانگانە دۆیان هەزار دۆلاریان بە خەرج دەکرێت، کە سەرلەبەری

پارێیکی وەریدەگرن، وەک چۆن گشتی بەراز و سەگ لە ئایینی ئیسلامدا حەرامە، ئەو پارە و مووچەیەی ئەوانیش وەها حەرامە. ئەوانە لە سالانی 1990وە تا هەنووکە ئەو مووچە و پارێیە وەردەگرن، حوکوومەت بە بەینی ئەو پارە حەرامەی ئەو مفتەخۆرانەی بندەوارە، نە تەنیا دەرماڵەی خوێندکارانی هەڵەمی کوردستان، ئەگەر مەبەستی بێت، دەتوانێت دەرماڵەی تەواوی خوێندکارانی هەموو کوردستانی گەورە دابین بکات.
بەشە هەرەمەکەی باشووری کوردستان، سیستەمێکی خوێندن پێک دەکات، بەجگە لەوەی ئاستی زانین و زانست چەندی بیری لە بکەیتەوە نزمە، کادرێکی زۆری ناکارایش لە بواری ناپەیوەستدا دەنێتە بەرهەم و دەخاتە نەو جڤاک و بازاڕی کارەوە، کە بەجگە لە زیان چ سوودێکیان نییە، چون ئەوانە دەبنە لەشکرێکی بێکار و بێبەرهەم.
تەواوی ئەوانە کەشن، لە مرۆڤی دەوڵەمەند و سەرمایەدار و تەر و دەسەڵاتدار، لەبەر ئەوەی بە خێی لە وەها حاڵەکدا ناژی، هەرگیز ناتوانێت هەست بەو جیاوازییانە بکات. پیرەمەردی شاعیر لەمەڕ گوتوویەتی:
پیاوی تەر ئاگای لە برسی نییە، بە ماڵ ئاخۆ هیچ ترسی نییە.

27-11-2021
ئەمجەد شاکەلی

فەهنسا و گرنگیدان بە جینۆسایدی کوردستان.. هەسوە بۆسکێنی

خەباتی دوور و درێژ و بەردەوامی کورد لەبەرامبەر دوژمنەکانیدا بە زگارکردنی نیشتمانەکەی باجی قورسی لەسەر داوە، بەتایبەت لەباشووری کوردستان و لەسەردەمی حزبی بەعسدا، ئەو قوربانی و باجە گەیشتە لوتکە، سەرەای چەوسانەوە و گرتن و کوشتن، ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی بەفراوانی بەکارهێنا، بەتایبەت لەمانگی مارتی سالی 1988 لە شاری هەڵەبجە، بەبەرچاوی

جیهانەوە فرکەکانی سەدام حسین بۆمبەکانیان بەسەر شاری هەڵەبجەدا باراند و ئەو شارەی لەجوڵە خست و خامۆشی کرد، کامڵا و ژنامەکانی وڵاتان دیمەنی شارەکەیان گواستەوە بۆ جیهانی دەرەوە، کە مەرگ باڵی بەسەر ئەو شارە داکشا و شارەکە وەك لەخەوکی قووڵدا دەرکەوت، مرۆڤدۆستانی جیهان شەپۆنگزی بەعس و بۆ چارەیی کوردیان بینی، کەچۆن لە بۆمبارانی فڕۆکەکانەوە مەرگیان دەبارانێ، دەسەڵاتدارانی عیراق بۆ سەپۆمینەوە و ڕاگرتن لەبەگەنامەی نووسەوە تیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگازی قەدەغەکراو بەبەرچاوی ئەوانەوە جوڵەی لەو شارە بڕی، کە تائەو کاتە نموونەی ئەو کارە دڕندانەیە کەم بوو، تەنانەت دوو وڵاتی گەورەی دژ بەیەکی وەك یەکێتی سۆڤیەت و ئەمانیا لەجەنگی یەکەمی جیهانی، کەگەیشتنە حاڵەتی نەخوازراویش، ئەو چەکەیان دژی یەکتر بەکارنەهێنا، لەکاتێکدا ئەوان زۆرترین عەمباری پەسمەندەکراوی کیمیاویان هەبوو.
ئەم قڕکردن و کۆمەکوژیەی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی عیراقەوە، سەرنجی زۆر لەوڵاتانی دەرەوە و مرۆڤدۆستی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا، لەناویاندا فەرەنسا، بەهۆی هەوڵەکانی فەرەنسا نەتەوەیەکگرتووەکان بۆیاری 688ی دژەفڕینی لەسەر عیراق دەرکرد، هەرچەندە دەتوانین ئەوە لەبەرچاوبگرین پەیوەندی نێوان چەند کەسایەتیەکی کورد و فەرەنسا بووەتە بنەمایەك بۆ سیاسەتی فەرەنسا و پشتیوانی بۆ کورد، بەڵام لەوانەیە زۆر جار لەکەمتەرخەمی کورد بەرامبەر چارەنوسی خۆی و پشتیوانی وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت فەرەنسا، مرۆڤ وای بۆتەخەیاڵ فەرەنسا و هەندێك لەوڵاتانی تر، زیاتر لەکورد خۆی خەمی کوردیان بێت، ئینجا ئەگەر بەرژەوەندی خۆشیان لەبەرچاوبێ ئەوە هیچ لەگەورەیی ئەو خەمخۆریە کەم ناکاتەوە.
ئەمجارەش لەگەڵ تەشەنەکردنی ئازارەکانی کورد و پەلامار و داگیرکاری تورکیا لەباشوور و قەندیل و ئۆژاوای کوردستان و پرسی بۆ دەوڵەتی کورد، لەکاتێکدا کورد سەرقاڵی کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی خۆیەتی، خەڵکانی تر زیاتر بیر لە کورد دەکەنەوە، ئەوەتا لەم کاتەدا دووبارە بۆ پشتیوانی نەتەوەی کورد لە فەرەنسا چەند پەرلەمانتارێك بەسەرپەرشتی جۆن کریسۆف سەرۆکی پارتی دیموکراتی فەرەنسا پێژەی کۆمەکوژی هەڵەبجەیان ئامادەکرد و لەڕۆژی 26-11-2021 بەبەشداری 26 پەرلەمانتار لەپەرلەمانی فەرەنسا خستەڕوو، 9 پەرلەمانتار پێژەکەیان پەسندکرد و 17 پەرلەمانتار دژی پێژەکە وەستانەوە، بگومان ئەم جۆرە هەوڵانە بەچاوڕی پەرلەمانتاران و میدیا جیهانیەکان گرنگی زۆری بۆ کێشەی کورد هەیە، ئەگەرچی لەم قۆناغەدا پێژەی بەجینۆسایدناساندنی کورد

سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، هیچ دوورنییە، وەك هەمیشە تورکیا بەجۆرە بەردەوامەکانی دژی چارەنووسی کورد، ئەمجارەش یاریەکی نەگریسانەی کردبێت و گرفتی بۆ پێژەکە دروست کردبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بابەتەکە لێرە کۆتایی نەهاتووە و جاری تریش ئەم بابەتە دەچێتەوە نێو پەرلەمان و هیچ دوور نییە، پەرلەمانی وڵاتانی تریش هەمان ڕا و بۆچوونی فەرهەنسایان هەبێت، لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد و بۆ دەوڵەتی کوردستان، بەڵام دەبێت کورد ئەوە بزانێت دنیا لەسەر بەرژەوەندی وەستاوە و دەوڵەوتانی تریش بەرژەوەندی و سیاسەتی تایبەتی خۆیان هەیە و کوردیش پێویستە بەرنامەی خۆی هەبێت.
ئەوەی مایەی نیگەرانیە ئەم پێژە بۆیارەی بەجینۆسایدناساندنی کورد لەپەرلەمانی فەرەنسا، لەلایەن کورد و میدیای کوردی کەمترین بایەخی درا، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە پرسی ناساندنی بەجینۆسایدی کوردستان لەوانکەی سیاسی کورددا تائێستا کاری لەپێشینە نییە، تەنانەت لەسەر ئاستی گشتی کوردیش کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەمەش ئەوەدەردەخات دیبلۆماسیەتی کورد لە فەرەنسا بەرامبەر بە پێژەیەکی وا گەورە بۆ پشتیوانی کورد، نەیانتوانی ڕای گشتیی ناوەوەی کوردستانی لێ ئاگاداربکاتەوە و هەستی جەماوەری کوردستان لەئاست ئەم هاوسۆزیەی فەرەنسا بۆ کورد بجوڵێنن، مایەی خۆشحاڵی دەبێت ئەگەر ئەم هەوڵە گرنگەی فەرەنسا دەرفەتی ئەوەی هەبێت پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هوشیار بکاتەوە، سوود لەم کارە گرنگە ببینن بۆ بەجینۆسایدناساندنی کورد لەجیهان، پێویستە کورد دەرفەتی ئەم پشتیوانی نوودەوڵەتیە بقۆزتەوە، بەتایبەت وڵاتکی وەکو فەرەنسا، کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نوودەوڵەتیە، زۆر گرنگە دەستخۆشی و پێزانینی کورد بۆ پەرلەمانی فەرەنسا و ئەو ئەندام پەرلەمان و پارتانەی بەو کارە هەستاون و پشتگیریان کردووە، بۆ بەردەوامیدان بەو هاوسۆزیە و کاری باشتر لەداهاتوودا، بەپێچەوانەوە کەمتەرخەمی کورد لەئاست پێزانینی ئەو هەوڵە گرنگە و کەم بایەخ سەیرکردنی ئەم پێژەیە، لەبەهای یاسایی کەمەکوژی کورد بۆ ناساندنی بەجینۆساد لەووی نوودەوڵەوتیەوە لاواز دەکات.

دیمەنی شەشەم -کورتە چیرۆک-.. گەران سەباح

خەریکی شەتداونی مەشکی بوو.
چاکەتەکەی فڕێ دا گۆشەیەکی ژوورەکەی. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. لێبا تەکەی تووند بە دیوار دادا. کراس و پانتۆڵەکەی فڕێ دا لایەکی تر. هەناسەیەکی تری هەڵکێشا. بە جلی ژێرەوە خۆی هێدا سەر سیسەمەکە. پەنجا چرکەی وێنچوو، هەستا پەردەکەی داداوە، هەتاوی عەسرێکی درەنگ بەزاری دەکرد. دیسان خۆی هێدا سەر سیسەمەکە. لەسەر سک ڕاکشا و دەستێکی هاوشتە سەر چاوکانی بە ئاوی تەواو تاریک بێت.
دیمەنەکانی ئاو ڕۆژی یەک بە یەک لە مەشکی لە دەداوە و پاشان دیلیتی دەکردن. خۆی فڕێ ئاو پڕسیار کردبوو، پێی باشترین ڕێگە بوو بە زوونووستن. تەنانەت بە سەرخۆشکی چارەگی دوای دەوامیش.
دیمەنی یەکەم: لە زانکۆ وانە دەستپێکەوە، دەبینە وا قوتابییەک خەریکی سناپچاتە. مامۆستایەکی لە وەردگرتن و دەمەک باسی قوتابی ئاو زمانێی دەکات. قوتابییەکە سوور دەبێتەوە.
هەناسەیەکی هەڵکێشا و دیلیتی کرد.
چوونە سەر دیمەنی دووەم، بەناو ئاوازی (خوایە وەتەن ئاوا کەی . . .) پچڕاندی. هەستا دانیشت و لەبەرخۆی گوتی، "بەخوا فڕێ شتێکی قەڵەبوو ینە ئاو غازفرۆشانە، غەیر حسابی ئاوە دەکەن بابایەکی وکی من دایەوێت تازەک ببڕژێت. باشە ئاو مەسیقایە لە ئاوها تیژ و ناخۆشە؟ پەککەو، لە ناو مەشکت دەچەقی. دەگ عەمری خەتان و وەتەنیشتان نەمینێت."
چەند هەناسەیەکی هەڵکێشا تا غازفرۆشە لە کەانەکە ڕێت بوو.
دیمەنی دووەم: لە زانکۆ دەچە میز بکات. لەبەر بەنەکەی و پیسیی ئاودەستەکە، ئاگای لە خۆی نامێنێت و زنجیری لە گونی گیر دەبێ. زەر دەشی. بەو سەرمایە ئارەقە دەکات. لەبەرخۆی دەڕێت، "ئاو پیسییە ڕەنگدانەوەی مەشکی ئاو میللەتیە."
ئاویشی دیلیت کرد.
دیمەنی سێیەم هات. زەنگێک لێی دا. چاوی تووند گرت و خۆی لە گۆڵی دا. لە دڵی خۆیدا گوتی، "دەرزەکارەکانن، ئێستە وڵ دەبن". پاش زەنگی سێیەم هەڵدەستێت، لە مەتبەخ دەوەستێت، ئە خە بە فانیلەی عەلاگە و شەرت دەرگە ناکاتەوە. دەگەڕێتەوە، تەماشایەکی جلەکانی دەکات. تاقەتی نییە ئاوانە لەبەر بکاتەوە. خاولییە زەردەکەی بە

دڵاقوەیە، بەیانی دوای خۆشووشتن بۆکاری هێنابوو. ئەو لەبەر دۆکات و بە دەم هاوە گرێیەکی لە ناوقەدی دەدات.
دەرگای کردەوە. کافر بوو کاتێ کچێکی ڕووان لە موحەجەبەیەکی ڕەشدا پەی گوت: "خاطر اللە . . . "
باوەشکێکی هاتێ. ئەوی بە بیردا هات: "ئەستێ نەبەیە ژیر."
"لا حول ولا قو. . . اللە ینطیک."
بە پرتەپرت هاتەوە ژوور. خاولییەکەی فڕێ دا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و دایەوە. چەوە سەر سیسەمەکە.
دیمەنی سێیەم: قاتلەبارک دێتە ئۆفیسەکەی.
" دکتەر، سەرکی زانکۆ داوات دۆکات،" قاتلەبار وای پێ دەڵێت.
"سەرک ئەمنی لێ چییە، چ ئیشی هەیە؟"
"ناتوانم پێت بڵێم."
"دە باشە، ئەوە ئەمنیش نایەم. بڵێ ئەو های پێ برێ، دەی."
قاتلەبار لموزی بەند کرد و ڕۆیشت. ئەویش لەبارخەی گوتی، "عەمری خێت و سەرک زانکۆ و خاوەن زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵاشت نەمینێت، باشە."
دیلیتی کرد.
لە کاتی دیمەنی چوارەمدا، پشیلەکەی دەستی بە میاواندن کرد. کەمک خەی لە گەلی دا، دیمەنی چوارەمی پێ لە نەدراوە. هەستا چووە مەتبەخ. سەلاجەکەی کردەوە، سەسجەکی دەرهێنا، وردی کرد لە نێو قاپکی بچووک و چوو لەبەر دەمی پشیلەکەی دانا. تەماشای کرد ئاویشی نەماوە، جێئاوەکەشی بە پێ کردەوە.
هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و گەڕاوە سەر سیسەمەکە.
دیمەنی چوارەم: لە بالکۆنەی قاتی سێیەمدا دەوانێتە گەڕپانی زانکۆ. لە دەی خێیدا دەڵێت، "ئەوە زانکۆیە یان نمایشی جلوبەرگ. وەڵاهی دەڕی قەحپەخانەیە، ئەمنیش دەڕی گەوادم بە خەم و قات و ڕیباتمەوە."
دیلیتی کرد.
پەش و پاش دیمەنی پێنجەم هەناسەیەکی زڕی ویست. کردییە پرتەپرت.
دیمەنی پێنجەم: سایدی خەرای سەر سێت و بیستی. مەردمندارەک پەشۆکەیەکی پێیە، لە پشتییەوە بە فوللایت بەزاری دۆکات. تەماشای پەوڕەکەی دۆکات، سێت و دە دەقوات، جێی ناکات و دەڵێت، "ئە بابە خە نافەم، حکوومەت دەڵێ سێت و دە بڵێ، سێت و دەمە. ئای لە منداری ئەو عەیامەی." مەردمندارەکە بە هەڵەن مەشکی سەری دەبات. دەیەوێت بڵێی بکات، سایدی تەنیشتی ئەتەمبیل هەیە. ئە باشە چۆن بڵێی بکات؟ دەبێتە شڕ. هەردووک لەناو سەیارەی بە ئاماژەی دەست هەڵەشە لەیەکتری دۆکەن. "لووسکەی وکینگە دنیای تێکدایە، ئاگەر دزی و فزی

بابە گەوادەکەت نەبی، کوڕم ئەتو لە کەت بوو پەرشەی باژەی. بە دکتەرا و هەموو قوەتی ژیانم ئەوجە تیدەیەکی حیز داژەم."
ئەویشی دیلیت کرد.
هاتە سەر دیمەنی شەشەم. دوای لەدانەوەی، لەشی گەرم داهات، هەناسەی تەنگ بوو. خەی وەرگەڕا سەر لای ڕاستە، دواتر لای چەپ، دواتر سەر پشت. چاوی کردەوە. لەبەرخەی گوتی، "دەبایە هەموویم لە کەیبان."
دیمەنی شەشەم: لە دەوام دەردەچەت. لەسەر شەقامی گشتی، دەبینەت پیاوەکی پیر لەگەڕ کچەکی تەمەن شەش ساڵان کلەنکس دەفرەشن. ئەتەمبیلەکە ڕادەگرەت، پەنج هەزاریەکیان دەداتە، پەنج دەستە کلەنکسیان لە وەردەگرەت. منداڵەکە خەنیەوە و گەشایەوە.
دیسان پاڵی داوە، هەرچەندی هەنای و بردی، زەردەخەنەی منداڵەکەی پە دیلیت نەکرا. دووبارەی کردەوە، "دەبایە هەموویم لە کەیبان."

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند ئارا هەولێری سەبارەت بە هونەری (میناتور).. هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس

هونەرمەند ئارا هەولێری: هونەری (میناتور) تاڕادەیەکی زۆر سەرنجی بینەرانی ڕاکێشاوە
هونەرمەند عبدالسمیع جەوهەر مەولوود ناسراو بە (ئارا هەولێری) ماوەیەکی زۆرە لە بواری هونەری شێوەکاری و هونەری (میناتۆر) وەکو هونەرمەندێك کار دەکات، تا ئێستا بەشداری لە (14) پێشانگای هاوبەشی کردووە، پەمان باش بوو بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەرانمان بە چەندپرسیارێك بەسەری بکەینەوە.
هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس

***سەرەتا ئەگەر بکرێت باس لە کورتەیەك لە ژیانی هونەری خۆتمان بۆ بکەیت.**

-من ناوم (عبدالسميع جوهر مولود) له 1/10/1970 له شاری هەولێر – ئیسکان له بنەماڵەیەکی ئاینی هونەری چاوم هەڵهێناوە، هەر له سەرەتای منداڵییەوە چاوم به زۆری هونەرەکان ئاشنابووە.
بەتایبەتی هونەرەکانی شێوەکاری لەنێوان پێنج برای هونەرمەند، لە (وێنەکێشان و خۆشنووسی و میوزیك و خوێندنەوە و شیعر و ئەدەب)، ئەوانە هەمووی هۆکاربوون کە منیش ئاشنای بەشێك لە هونەری شێوەکاری بم, لە ساڵی 1987 دەستم بەکاری دارتاشی کرد لەگەڵ کاك نەجات جەوهەری بڕام کە هەم هونەرمەندێکی بەتوانا و کاری دارتاشییەکەشی زۆر هونەری و ناوازە بوو، لە ڕێگەی ئەوەوە توانیم ئەو پیشەیە تێکەڵ بەم هونەرە بکەم.
هونەرەکانی هەڵکۆڵین و نیمچە پەیکەر لەسەر دار، وە لە بواری ئەکادیمیش ئامادەیی پیشەسازی بەشی دارتاشیم تەواو کرد, سەرەتای دەستپێکردنم ئارەزووی لاسایی کردنەوەی هەموو شتێکم هەبوو کە بە بچووکی، بۆ ئەوەی بزانم کە ئەم هونەرە پێی دەڵێن (میناتور) بەردەوام هەوڵم دەدا توانای زیاتری خۆم نیشان بدەم لە بچوککردنەوە. تا توانیم لە میانی مومارەسەکردنم لەم هونەرە بە ناوەکەشی ئاشنابووم، لە ساڵی 2003 لە بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی بە مامۆستای پیشەیی دامەزرام کە زۆر یارمەتی دام لە پەرەپێدان و کاتی زیاتر کارکردنم، وە بووە هۆی بەشداریکردنم لە چەندین پیشانگای هاوبەش لەسەر ئاستی هەولێر و ئاستی هەرێمی کوردستان، وە کردنەوەی چەندان خولی فێرکردنی هونەرەکانی دارتاشی لە کەمپی ئاوارەکانی سووری و عێراقی لە ڕێگەی ڕێکخراوی ئینتەرسووسی ئیتاڵی و چەند خولێك بۆ مامۆستایانی پیشەیی وەك مامۆستا. وە تائێستاش بەردەوامم لەکاری هونەری.



- **ئەگەر بکرێت پێناسەیەکی هونەری میناتۆر مان بۆ بکەیت؟**

هونەری میناتور (miniature) – – واتا زۆر بچووککردنەوە-یان وێنەی بچووککراو، بەپێی مێژوو ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، وە هەندێك لە مێژوونووسان پێیانوایە کە میناتور بە پێی مانایەکەیەوە لەسەردەمی ساسانییەکان بووە. لە ڕێگەی ئەم شوێنەواری کۆشانی وێنەی ڕاوشکار و پەیکەری بچووکی لەدەست دروستکراوی مرۆڤ و ئاژەڵ و گۆزە و دیزەی جۆراوجۆر، میناتور دەکرێت لە هەموو بوارەکانی شێوە کاری و دەستی کاری لەسەر بکرێت بۆ نموونە پەیکەرسازی، هەڵکۆڵین، وێنەکێشان، دیزاین، سیرامیك, کارە دەستیان و زۆر بابەتی تر تەنانەت لەسەردەمی زوو لە بچووککردنەوەی کتێب کاری لێ کراوە.

هەوڵیانداوە کە کتێبێك بە نزیکەیی 25 جار لەخۆی بچووکتر بکەنەوە، لە کۆتایی دەتوانیین بڵێین میناتور بە مانای ئەوە دێت کە شێوەی لەدەست دروستکراو بچووك بکرێتەوە بۆ چەندینجار لەخۆی بچووکتر.

***بەرزتان جگە لە هونەری شێوەکاری لە بواری هونەری میناتور کار**

دەکەیت ،چۆنییەتی ئاشنا بوونت بەم هونەرە مان بۆ باس بکەیت؟
-بەڵێ من هەر لە بواری شێوەکاری دار کار لەسەر داتاشینی دار لە شێوەی سریالی دەکەم کە ئەویشیان هونەرێکی جیاوازە لە میناتور کە داتاشینی پەیکەرێك یان کۆشانی وێنەیەکی ئاژەڵك یان مرۆڤك جیاواز لە واقیعی خۆی یان شێوەیەکی نیمچە خەیاڵی، ئەم وشەیە لە زمانی فەرەنسی وەرگیراوە بە مانای سەرووی ڕاستییەکان (فوق الواقع). کە جۆرەیەکی ڕۆشنبیرییە لە هونەری نوێخوازی (الفن الحدیس).

***مێژووی هونەری میناتور لە کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**
–پێموایە هونەری میناتور مێژوویەکی کۆنی نییە لە کوردستان. لەوانەیە لە دوای ساڵانی نەوەدەکان تاك تاکك کاری لێ کرابێت. هەنگە ئێمە سەرەتایەك بین لە دەستپێکی ئەم هونەرە.

***ئەو کەرستانەی لە هونەری میناتور بەکاردێن چین؟**
-ئەم کەرەستانەی لەم هونەرە بەکار دێت چەقۆی تاشین، شەفرەی بچووك و کارتیخی بچووك و سمارتە و زۆر کەرەستەی تر لە بابەتی چەقۆ و شەفرە کە بۆخۆمان دروستی دەکەین بە بچووکی کە لە کوردستان دەست ناکەوێت .

- **پێشوازی بینەران لە هونەری میناتور لە چ ئاستێك دایە؟**
-بەڵاستی ئاستی ئەم هونەرە تاڕادەیەکی زۆر ڕادەبەدەر سەرنجی خەڵك و بینەرانی ڕاکێشاوە، زۆرێك لە هونەرمەندانیش هانی ئەوەم دەدەن کە بەردەوام بم لە هونەری بچوککراو (میناتور).
- **تا ئێستا بەشداریی چەند پیشانگای شێوەکاریت کردووە؟**
-تائێستا بەشداریم لە (14) پێشانگای هاوبەش لەگەڵ پەروەردەی پیشەیی کردووە و (4) پێشانگا لەسەر ئاستی هەرێم لە شارەکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی)م کردووە، و لە ساڵی 2007 لەگەڵ مامۆستای هونەرمەندی سیرامیك سەربەست محەمەدەمین شێخە بۆ یەکەمجار بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر هەساین بە کۆکردنەوەی زیاتر لە (35) هونەرمەند و کردنەوەی پیشانگایەکی هاوبەش کە خۆشمان بەشداربوون بە چەند بەرهەمێك، وە بەشداریم لە چەند پیشانگایەکی هاوبەش بە بەرهەمێك یان زیاتر، وە لە پیشانگای کونسوخانەکانی لە کوردستان لە هۆڵی کونسوخانەی زانکۆی چیکی، وە دووا پیشانگای بەشداریم تیا کرد لە سێپتەمبەری 2021 لە

پشانگایەکی هاوبەشی هونەرمەندانی هەولێر لەگەڵ هونەرمەندانی بەغدا سەر بە کۆمەڵەی هونەری مشکاتی عێراقی کرد، وە لەم ماوەیەش بەشداریم کرد لە پشانگایەکی ئەلیکترۆنی لە لوبنان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە بەشداریی (160) هونەرمەند لە هەموو وڵاتانی عەرەبی بە ناوی ئارت لوبنان، وە لەهەمانکاتدا بڕوانامەی ڕێزلێنانم پێ بەخشرا بەسوپاسەوە.

- **هەماهەنگیتان لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستانی و عێراق لە چ ئاستێکدایە؟**

-هەماهەنگیم لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان زۆر باشە و لەگەڵ هونەرمەندانی عێراقیش تاڕادەیەك هەیە، هیوادارین لە داهاتوو لەگەڵ سەرجەم هونەرمەندانی جیهانیش هەبێت.

- **زیاتر حەز لە نیگارکردنی تابلۆی هونەری دەکەیت،یان لە تابلۆی میناتور؟**

-من لەڕاستیدا زیاتر حەز لە داتاشینی دار لەشێوەی میناتور و سریالی دەکەم ،وەك لە وێنەکێشان، وە هەست دەکەم کە لەم هونەرەدا زیاتر خۆم دەدۆزمەوە و تیایدا سەرکەوتوو دەبم.

- **ئەمە زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ ئەو دەرفەتەی بە ئێمەت بەخشی.**

-لە کۆتاییدا هیوادارم هونەری بچوککراو (میناتور) پەرە بسێنێ لە کوردستانیش بۆاو ببێتەوە بەسەر هەموو بەشەکانی هونەری شێوەکاری، وە زۆر سوپاس بۆ ئێوەی ئازیز بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە گرینگیدانتان بە هونەری میناتور.



بە پـــلـــــە!.. فازیل شـــاوەیس

لە منداڵییەوە، زۆر حەزم لە تیر و توار و مەل و باڵندەیە، لەو سەری سیلەی کەنارێکی گەڕەکەکەمان لە شاری دوبلن، کابرایەک، گەشەیەکی باخەکەی تەرخان کردبوو بۆ کەناری و بولبول و باڵندەی دەنگ خۆش. ڕۆژێک لە لای دراوسێیەکمان حەسوودی خەم بەو خاوەن باخە نیشاندا، کەچی دراوسێیەکەم، گوتی "شوکرانەی خودا بکە، کە وەک ئەو خاوەن تیر و تـوارت نیـت. چـونکە دراوسـێیەکەی ئەو مـاڵە، کە فڕۆکەوانە، چەندان جار بەزاریی خۆی لە دەنگی ئەو کەناری و بولبولانە نیشانداوە و کابرای سەرکەنە کردوە، لە کابرا گوێی لە نەگرتوە، فڕۆکەوانیش ئاپۆتی لەداوە و گوتوێتی لە کاتی فڕۆکەوانیم لە ئاسمانەدا، زیقەزیقی ئەو تیرانە لە گوێمدا دەزرینگێنەوە و هەراسانم دەکەن. دادگاشم، بۆیە، بە (٧٥) هەزار یۆرۆ کابرای غەرامە کردووە و تەروتوارکەشی لە بەرلاکردووە!"

لەبیرمە، هەر مانگی یەکەم، کە گەیشتمە ئەو شارە، ئاگاداریان کردمەوە کە نابە لە دوای سەعات (٦)ی ئێوارە، تەل بە کەس بکەیت، چونکە شەو کاتی پشوو و حەوانەوەی خەزانە و نابە سەرقاڵ و بەزاریان بکەین!"

ئیمە، لە سایەی بارودۆخی نائاسایی و ناسەقامگیری کوردستان، ژن و پیاو و منداڵی کورد، لە ڕۆی ئەو هەموو کێشە تیڤی و ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییانەدا، نەک تەژانە، بگرە لە هەر ساعاتێکدا، چەندان جار، لە نەو چوارچیوەی گەورە و بە تەنگی سووری تۆخ، لەسەر سکرینی تیڤیەکان و ڕووی لاپتۆپ و مۆبایلەکانیاندا، (بە پلە) وەک دەوزەمە دڕڤەتە نەو تەشەنەی چاویان، جا هەندێکیان ئاوازی جەنگ و ماڵشی سەربازیشیان لەگەڵە.

هەندێک لەو (بە پلە)نانە، تەواو سکرینی تیڤیەکە دادەپۆشن، هەندجار، بە سەرنجڕاکێشان، یاریان پێدەکەن و گەورە و بچووکیان دەکەنەوە، هەندجاریش، کاو کاوە نیشانی دەدەن و لە ژێیدا دەنووسرە"پاش کەمێکی تر" ـ کە جار بووە، ئەمە، (٢٥) دەقیقەی خایندووە.

نەک ئەمەی کورد، بگرە ئەو بیانییانەی کە هەر یەک و دوو ساڵێک لەو وڵاتەدا دەژین، دەزانن، ئەو (بە پلە)یە، قەت هیچ هەواڵ و خەبەرێکی خۆشی بەدوادا نایەت. ئاخر قەت ڕووی نەداوە، بە سەدڕەی سەران هەواڵێکی دڵخۆشکەری (بە پلە)، کەرابەتە گەزەبانەی ڕووداوێکی خۆش و دڵفڕێککەرەوەی سیاسی، سەربازی، ئابووری، دارایی، پەروەردەیی، تەندروستی یان کۆمەڵایەتی!
هەرکە (بە پلە)کە لەسەر سکرینەکە چاوی خەی لە زەقکردنەوە، ئەوا ئەو دایکەی کوڕەکەی بووەتە کەچبەر و ئەو ژنەی مێردەکەی لە بەرەی شەڕی داعش و ئەو پیرەمێردەی لە کۆماوەیەکی نزیک کەرکووک دانیشتووە، دەست دەخەنە سەر دڵیان و چاوەک لە ئاسمان دەکەن و لە خودا دەپارێنەوە بە موقەدەر بە!

لە شەو و ڕۆژەکدا ئەو (بە پلە)یە، بە بە پسانە و ماندوو بوون، چەندان کەرەت، ڕووی سکرینەکان دادەپۆشی و دە و جەرگ و هەناوی ئەو خەڵکە بەچاریە دادەخورپێنێت و ڕادەچڵەکێنێ! بەبە ئەوەی خاوەن وێژدانێک، بەقەد سەری دەرزیەک، لە ژان و ترس و دڵەڕاوکە و موعاناتی ئەو خەڵکە تێبگات و هەوڵی کەم کردنەوەیان بدا، جا با ژمارەی(ڕەشنبیر و مامۆستا و ئەدیب و سیاسەتمەدارەکان) لە ژماردنیش نەیەن!

نوێترین لێکۆڵینەوەی پزیشکی و دەروونناسی، زانستیانە کاریگەری و ئاکار و ئاسەواری خراپی (هەواڵی بە پلە)ی، لەسەر تەندروستی

مرۆڤ شیکردووەتەوە، کە هاوینی خراپی کاریگەریەکی پێوستە بە تەمەن و جۆندەر و ژینگەی ئەو کەسە، دیارە کە منداڵ و ژنان و پیر و نەخۆشەکان، قوربانی هێرشی یەکەمی ئەو دیاردە ترسناکە ناشارستانییەن.

پزیشکان، لە تاقیگەکانیان سەلماندوویانە، کە هاتنی هەوای ناخۆشی بە پەلە و لەنکاوا، دەبێتە هۆی تێکچوونی فشاری خوێن، ئەمەش هاستەوخۆ کاردەکاتە سەر (ئیشکردنی دڵ) دوورنییە ئاکامەکەی کوشندەبێ بۆ جێتە یان سەکتەی دڵ. جگە لە دڵ، بۆی و لوولەکانی خوێنیش زیانبەر پێدەگا و تێکدەچن.

لە ووی دەروونسایەوە، هەوای ناخۆش، دەبێتە هۆی ستریس و دڵەڕاوکێ و دڵەخورپە و نائارەحەتی دەروونی. ئەمانەش زەرجار، بێتاقەتی و تێکچوونی میزاج و زیانی خۆو و ترسان و نەمانی ئیشتیها و سەرئێشە و گێژبوون و تووڕەبوون و هێچوونی بەسەبی بەدوادادێ.

خاڵە هەرە بایەخدار، لە ووی پزیشکییەوە، ئەویە کە هەوای ناخۆشی لە پێتاو، دەبێتە تێکدانی هەست و هۆش و سوزداریی کەسەکان، ئەمەش جارهایە دەبێتە هۆی شێواندن و پشێوی زیانی هێزانەی کەسەکە و هەستکردن بە نیگەرانییەکی نەزانراو و پێناسەنەکراو، کە چارەسەریشی هاسان نییە. ئەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە، سەرچاوەکەی هەوای ناخۆشە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی زانکە ناودارەکانی جیهان، گوورزی کوشندە هەم لە کەسەکە دەدات و هەم لە ئابووری ئەو وڵاتە، چونکە تێکچوونی مزاجی کەسان، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان، جا ئەو بەرهەمە ماددی بێ یان مەعنەوی ـــ لە کارگێکی پیشەسازی بێ یان لە قوتابخانە و نەخۆشخانەیەک بێ، بە نموونە. ئامارەکان دەڵێن، ساڵی پار، ئەمریکا زیانی (٢١١) ملیار دۆلاری بە قەپرغە کەتووە، لە ئاکامی دابەزینی ئاستی بەرهەمی، بە هۆی تێکچوونی دەروونی و مزاج و زەوقی کریکار و کاربەدەستەکانی.
ئەستا لە وڵاتانی هێزاوادا چەندان هێکخراوی تێندروستی دامەزراوە، ئیشیان ئەویە کە تەنها دەنگوایی و یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن، کە بە هۆی هەوای ناخۆشی (بە پەلە)ی تیقی و میدیاکاندا، باری دەروونی و تێندروستیان تێکدەچێ.
بە زانیاریشتان، ڕاپۆرتە پزیشکییەکان، دەڵێن، ساڵانە لە هەر ملیۆنێک، یەک کەس بە هۆی بیستنی هەوای ناخۆش گیان لەدەست دەدا، ئەوا جگە لەو ئامارە ترسناکەی نەخۆشی شەکرە و فشاری خوێن و نەخۆشییەکانی دڵ، کە هۆکارەکەیان ئەو (بە پەلە) نەفرەتییەیە.

دەم، فەکەوانەکە، بە دەنگی کەناری و بولبول سەغڵەت بوو و (٧٥) هەزار یەی وەرگرت لە دادگا، ئاخە گەر بتە ئەم وەاتەی من و ئەو هەموو (بە پڵە) ببینە، دەبە چەند ملیەن یەی چەنگ کەوە؟!

نازانم، روو لە کام وەزاڵت یان دامودەزگای ئەو هەرەمە بکەن، کە (یاسایە و سنووڕک) بە ئەو هەموو (بە پڵە)یە دابنەن و نەختە ڵەحم بە ژن و منداڵ و پیر و نەخۆشانە بکەن...

دە ئەو وەاتە، هەر هەموو مەزاجکی تەک بچە، بەداخەوە!

کێژان ناچنە مەرگۆەان.. مارف عومەر گوڵ

ئەڕە دەرسیمە بە کوێیان دەبەن

ئەڵە شەنگالە بە کوێیان دەبەن

ئەڕە گەرمیانە بە کوێیان دەبەن

ئەڕە کەرکوکە بە کوێیان دەبەن ؟

نەهاتنەوە ، نە لاوک و

نە تەمبووڕکانیان ، نەهاتنەوە

نە " سەوزە سەوزە " و نە " قەتار " یان نەهاتنەوە

لەوساوە کەس ناچتە ئەو " بانە "

لەوساوە ئەڵلاوێسێکی تازە لە دایک نابێت

لەوساوە " کێژان ناچنە مەرگۆەان"

لەوساوە کۆەان ناچنە سەر کێژان !

١٥/١١/٢٠٢١

سورەتی ماچ.. شەماڵ بارەوانی

تازە دەگەڕێتەوە
دوای ئەوەی
ئینجانەی چاوەوانیم
درزی برد
و
خونچەی دڵخۆشیم هەوڵرا

چەگەڵەی حەسرەت ژایەی
کەناری فەنابوونم
و
کیشوەری تەمەنم پەبوو
لەوەرزی پیری

دوای ئەوەی
نیشتمانی خەونەکانم
بوو بەخەرمەش
و
سپێدەی مەراقم
بەبەهناسەی عیشق
سەری نایەوە

دوای ئەوەی
سیخناخ بووم
لە هەنجی غوربەت و
مەرانەی سەراب
دای لەدرەختی جەستەم

سەوەی مەراقم
لەلەدان کەوت
و

سەمای قەڵەمم
کوژایەوە

زەحمەتە تازە
وەرزەکیتری تەمەنم
چڕە بکات
و
قەدەر مشتەکیتر پەکەنینم
بداتە

درەنگە
خە من هەموو ڕەنگەکانم
کاڵبووی

هەموو تڕپکەکانم
بوون بەخەرەند

تازە ناتوانم
مەتاڵەای دەڵە تەک شکاوەکانی
مانیفەستی
موحیببەت بکەم
و
شپەزرەیی ئیعرابی
وشەکانم
لە هستریا بەتاڵ کەمەوە

ناتوانم
مەنەلەگی شیعرەکانم
بەمەسیقای ئەرگازم بشەم
و
ئەو هەموو پارچە شکاوەی یەئسەکانم
کەبکەمەوە

ناتوانم
ئەو هەموو خەمە هەراشە
بەدەنگکەم
و
کەاوەی پیریم نەژەن کەمەوە

بمبور
کات در نگ
ناتوانم
ستران بـ گـزیـکی دـ شکاو
بچـم
و
نوـژی گـانـوـ بـ بـنـکی هـزارجار ئـتکراو
ئـداکـمـوـ

ناتوانم
وـکو جاران
بـمـوـ میحرابی عـشق و
سورـتی ماچـ لـدـستچوـکان
قـزا کـمـوـ.